# هەواڵ هەواڵ

## سلێمانی: ماڵێک دەسوتێ

ڕۆژی 2007/10/18 کاتژمێر چواری ئێوارە لە گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی ماڵی وڵاتی (ئاوات محەمەد ئیسماعیل) ئاگر دەگرێ و زەرەرو زیانێکی زۆر بە کەلوپەلەکانی ناو خانووەکە دەکەوێ، دەست بەجێ تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە دەگەنە شوێنی ڕوداوەکە. ناوبراو پیشەی نەوت و بەنزین فرۆشتن بووە، هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە بەنزین و نەوتێکی زۆری لەسەربان داناوە دوو منداڵ لای بەنزین و نەوتەکەوە یاریان بە ئاگر کردووە و ئەم ڕوداوەی لێ کەوتۆتەوە بەڵام خۆشبەختانە هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە.

## دوو تیپی وەرزش لەجیاتی یاری بەشەڕ دێن

ڕۆژی 2007/10/18 شەڕێک لەنێوان یانەی وەرزشی دابان و کەرکوک لە یاریگای ڕانیە ڕوویدا، کە هێزێکی زۆری پۆلیس و ئاسایش هاتنە شوێنی ڕووداوەکە، ئەمەش بووە هۆی نارەحەتی و بێزاری وەرزشەوانان و خەڵکی چونکە یاریەکە هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

## دزی لە بنکەیەکی پۆلیس دەکرێ!

ڕۆژی 2007/10/18 لە بنکەی پۆلیسی ناحیەی سکتانی سەر بە کۆیە، چەکێک دزراوە، دوای لێکۆڵینەوە ئاشکرا نەبووە بەڵام وەکو سزایەک بڕی ملیۆنێک و دوو سەد هەزار کۆکراوەتەوە لە ناو پۆلیسەکانی بنکەکەدا ، تا ئێستاش خەریکی دۆزینەوەی دزەکەن.

## ڕەشەبا زیان بەخەڵکی دەگەیەنێ

لە شەوی 15-2007/10/16 بەهۆی ڕەشەبای توندەوە لە ڕانیە کاتژمێر 10 ی شەو، زەرەرو زیانێکی زۆر بە خەڵکی ناوچەکە کەوت و چەند ئامێرێکی کارەبایی ماڵان سوتا و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی ڕانیەش سوتا و زەرەرو زیانێکی زۆری پێ گەیشت.

## منداڵێک دایکی خۆی بریندار دەکات

ڕۆژی 2007/10/13 کوڕی بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی کێوەڕەش، لە ماڵەوە یاری بە دەمانچەی دایکی دەکات و لە ئەنجامدا گوللەیەک دەتەقێ و بەر دایکی دەکەوێ و بریندار دەبێ و ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیە دەکرێ، شایانی باسە بارودۆخی تەندروستی دایکی مام ناوەندیە.

## پردێ: دزێک دەستگیر دەکرێ

ڕۆژی 2007-10-19 لە شارۆچکەی پردی دزێک دەستگیر کرا کە دە ڕۆژ پێشتر ماڵێکی بڕێ بوو.

بەگوێرەی زانیاریەکان دزەکە دەرگەی ماڵەکەی شکاندبوو و دوازدە ملیۆن دینارو چەند کەلوپەلێکی نێو ماڵی دزی بوو، دوای تێپەڕبوونی دە ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکە پۆلیسی ناوچەکە توانیوەتی دزەکە بدۆزێتەوە و دەستگیر بکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان گومانلێکراوێک ناوی( ن. س)، چونکە پێشینەی هەبووە، پۆلیس چاودێری کردووە ، سەرەنجام دەرکەوتووە کە ئەو دزیەکەی کردووە، بەوهۆیەوە دەستگیر کراوە.

## کچێک دەسووتێ

هەفتەی ڕابردوو کچە فێرخوازێکی قۆناغی ئامادەیی دانیشتووی شاری هەولێر بە ناوی (س. م)، تەمەن 16 ساڵ، بەهۆی ئەوەی کە باوکی مۆبایلی بۆ نەکڕیوە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات و ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کچە بە ڕێژەیەکی زۆر دەسووتێ بۆیە هەرچەندە کە ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی شاری هەولێ دەکرێ، بەڵام لە مردن دەربازی نابێ و گیان لەدەست دەدات.

## ئاغایێک ڕێ لە کردنەوەی فێرگەیەک دەگرێ

**هەواڵەکان:** دوای ئەوەی فێرگەیەکی شەش پۆلی بۆ گوندی زارگەلی دەڤەری ڕواندوز تەواو کرا، بۆ ساڵی خوێندنی ئەمساڵ ویسترا دەوامی تێدا بکرێ، ئاغای گوندەکە ڕێگە نەدا دەوامی تێدا بکرێ، بەبیانوی ئەوەی فێرگەکە لە سەر زەوی ئەودا دروست کراوە.

زانیاریەکان دووپات دەکەنەوە کە کوڕێکی ئەم ئاغایە پلەی بەرپرسیارێتی لەنێو لایەنێکی دەستەڵاتدار دا هەیەو لە ناوچەکەدا دەستڕۆیشتووە، بەوهۆیەوە ڕێ لە خوێندنی فێرخوازان دەگرێ. لەلایەکی دیکەوە هەندێک کێشەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە کاتی خۆی قایمقامی دەڤەرەکە بەڵێنی دابوو دوو لە خزمانی ئاغاکە وەک فەرمانگوزار دابمەزرێنێ و بەڵێنەکەی بەجێ نەگەیاندووە.

# هەولێر: یازدە لایەنی سیاسی دژی لەشکرکێشی تورکیا بەیاننامەیەک بڵاو دەکەنەوە

کاتژمێر 30: 15ی ڕۆژی 2007/10/18 لە بارەگای بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان لە هەولێر یازدە لایەنی سیاسی بۆ را گۆڕینەوەو یەکخستنی هەڵوێستیان دژ بە هەڕەشەو ئەگەرەکانی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان کۆبوونەوە، دوای لێکدانەوەی ڕەوشی سیاسی کوردستان و ناوچەکە بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوەو دژایەتی خۆیان بۆ هێرش و ئەگەری لەشکرکێشی تورکیا ڕاگەیاند. لە بەیاننامەکەدا هاتووە:" ، ئێمە وەکو حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە توندی هەڕەشەکانی سەرانی تورک ریسوا و مەحکوم دەکەین، هەروەها پاڵپشتی خۆشمان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دووپات دەکەینەوە بۆ مەبەستی داکۆکی کردن لەشەرەف و کەرامەتی خەڵکی کوردستان و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان و دەستکەوتە بەدیهاتوەکانی ئەزمونەکەمان"

جێگەی ئاماژەیە کە ئەم لایەنانە بەشداریان لە کۆبوونەوەکەدا کردبوو،بەیاننامەکەیان واژۆ کردبوو:

کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبی شیوعی کوردستان.
کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبی رزگاریی کوردستان.
مەڵبەندی هەولێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.
بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان.
ناوەندی هەولێری پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان.
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان/ بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستنی هەولێر
کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستانی عێراق.
هەرێمی هەولێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان.
مەڵبەندی هەولێری حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان.
لقی هەولێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.
لیژنەی پارێزگای هەولێری بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان.

# شەوکەت ئەمین کۆرکی بە باشترین دەرهێنەری ئاسیا دەناسرێ

**هەواڵەکان:** شەوکەت ئەمین کۆرکی دەرهێنەری سینەمایی کوردی بە فیلمی پەڕینەوە لە غوباردا توانی نازناوی باشترین دەرهێنەری ئاسیا وەدەست بێنێ.

جێگەی ئاماژەیە کە شەوکەت ئەمین لەنێو پێنج



دەرهێنەری بەربژاردەی وڵاتانی ئاسیادا بە باشترین دەرهێنەر دەنگی بۆ درا. هەروەها ئەو ڤێستڤاڵەی لە ئوسترلیا بەڕێوە دەچێ بڕیاری داوە کە خەڵاتی Pacific بە شەوکەت ئەمین ببەخشێ.

خەڵاتیPacific لەلایەن سی ئێن ئێنی نێودەوڵەتی و کۆمەڵەی سینەماکارانی نێودەوڵەتیەوە ساڵانە بە دەرهێنەریکی سەرکەوتوو دەدری.

شەوکەت ئەمین کۆرکی بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاندووە کە ئەو وەک دەرهێنەرێکی کوردستانی بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە کاندید کراوە.

جێگەی گوتنە کە شەوکەت ئەمین لە دایک بووی ساڵی 1973 و دەرچووی بەشی سینەمایەو لە دەرەوەی وڵات خوێندنی تەواو کردووە.

# فیلمی ژانی گەل بەرەو پێشبڕکێی ئۆسکار دەڕوات

فیلمی ژانی گەل کە لەدەرهێنانی هونەرمەند **جەمیلی رۆستەمی**یە لە لیستی ئەو فیلمانە داندراوە کە بۆ وەدەستهێنانی هەشتایەمین خەڵاتی ئۆسکار بەربژار کراون.

سایتی **بی بی سی** لەو بارەیەوە بڵاویکردۆتەوە کە لەنێو ئەو 62 فیلمەی کە ئینگلیزی نین و بۆ خەڵاتی ئۆسکار پاڵیوراون، فیلمی کوردی ژانی گەلی تێدایە کە دەرهێنەرێکی ئێرانی بەناوی جەمیلی رۆستەمی بەرهەمی هێناوە.

سایتەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە پێشتر فیلمی **شیوەنی بەفری** جەمیلی رۆستەمی بۆ ئەو خەڵاتە کاندید کرابوو، بەڵام خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست نەهێنابوو.

بەشی فارسیی ماڵپەڕی BBC نوسیوویەتی هەرچەندە کە جەمیلی رۆستەمی ئێرانیە بەڵام فیلمەکەی وەکو نوێنەری عێراقیەکان ناسێندراوە، هەروەها فیلمی (مثل مادر) وەکو دایک لەسەر ناوی ئێران بۆ وەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار بەربژارکراوە.

BBC بڵاویکردۆتەوە کە ئێستا جەمیلی رۆستەمی لەسەر کوردەکانی هەرێمی کوردستان بەتەمای کارێکی ترە، ئەویش فیلمی **گوڵەکانی کەرکوکە**، لەگەڵ "دەرهێنەری بەناو بانگ فریبەرزی کامرگاوە بەرهەمی دەهێنێ.

ماڵپەڕی بی بی سی ئاماژەی بەوە کردووە کە فیلمی ژانی گەل لە ڕۆمانێکی ناوداری کوردیەوە وەرگیراوە و بەرهەمی مامۆستای ڕەوان شاد ئیبراهیم ئەحمەدە، چیرۆکی جوامێر ناوێک دەگێڕێتەوەو باس لە ڕێپێوانی ساڵی 1947ی شاری سلێمانی دەکات کە بەڕێکەوت بەشداری لە ڕێپێوانەکەدا دەکات.

# کۆمەڵەی ڕووناکبیری کەرکوک سێیەمین کۆنگرەی خۆی پێکدێنێ

دوێنێ شەممە ڕێکەوتی 2007-10-20 کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک بەبەشداری زیاتر لەسەد ئەندامی خۆی و بەبەشداری ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی دەڤەرەکە لە شاری چەمچەماڵ دا سێیەمین کۆنگرەی خۆی پێکهێنا.

سەرلەبەیانی دوێنێ لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری چەمچەماڵ بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆک تاڵەبانی کۆنگرەکە دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

ڕاستیەکەی ماوەیەک بوو کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک لە ڕەوشی سربوون دابوو، ئەمەش وایکرد کە بەر لە کاتی قانونی کۆنگرەی خۆی ببەستری، ئامانجیش ڕێکخستنەوەی ستاف و کاراکردنی کارەکانیەتی. بڕیاربوو ئەم کۆنگرەیە لە شاری کەرکوک بەڕێوەبچێ، بەڵام لەبەر خراپی ڕەوشی ئاسایشی شارەکە بۆ شاری چەمچەماڵ گوازرابۆوە.

# هەواڵی سەیر

هەواڵی سەیر

**لەکاتی** تەقینەوەکەی ئێوارەی جەژن لە گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوک دا کە زیانێکی گەورەی گیانی و ماڵی تیا دروست بوو، دوو شتی سەیریشی تیا ڕوی دا یەکەمیان هەر لەکاتی ڕوداوەکەدا کۆمەڵێ خەڵک پەلاماری عەمید (س) یان دابوو کە لێی بدەن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر ئەو نەهاتبایە بۆ ئەم بازاڕە بۆ مەبەستی گۆشت کڕین ئەوە ڕوی نە ئەدا دووەمیان لە نەخۆشخانەی چەمچەماڵ بوو کاتێک هەندێ لە بریندارەکانیان هێنا بوو بۆ نەخۆشخانەکە بە مەبەستی چارەسەرکردن، قەرەباڵغیەکی زۆر لەناو نەخۆشخانەکە دروست بوو. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەش فەرمانی بە پۆلیس دا کە خەڵکەکە دەرکەنە دەرەوە بەڵام پیاوێک دەوڵەمەندی شار کە یەکەمین قۆنتەراتچی شارەوانیە و خاوەن کۆمپانیایە کە بەخۆی و چەند کەسێکەوە کەوتبونە وێزەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە و لێ یان دابوو، دواتر کێشەکە گەورە بوو برایە دادگە، تا ئێستاش چارەسەر نەکراوە.

**ڕۆژی** 2007/10/18 لە کۆبونەوەیەکی تایبەتی نیمچە فراواندا بۆ کۆمەڵێ لە تورکمانەکانی کەرکوک لە هۆڵێکی نزیک هوتێلی مەدینە کە لەلایەن بەرەی تورکمانیەوە ئەنجام درا بوو (ئەرجومەن) ناوێک کە یەکێک بووە لە پێشکەشکارانی کۆبونەوەکە وتویەتی" خەریکە سەرکەوتنی کۆتایی و یەکجارەکی بەدەست دێنین و ئەوا سوپاکەمان وا بەرەو باکوری عێراق دێتە خوارەوە بۆ زامنکردنی سەربەخۆیی تورکمانەکانی کەرکوک و تەلعەفەر و کفری و خانەقین" چەند کەسێکی ناو دانیشتنەکە بەشێوەیەکی نەرم و زانستیانە ڕەدی قسەیان داوەتەوە کە ئەم کارەی تورکیا و ئەم قسەی تۆ لە خزمەتی پێکەوە ژیان و مەدەنیانەدا نییەو بۆنی ئاژاوە و برا کوژی لێدێ، سەرەنجام مشتومڕێکی گەرم لە نێوانیان دروست دەبێ و ئەوانیش هۆڵەکە بەجێ دێڵن.

**وڵاتی** (م.ن.ا) کە دانیشتوی ناحیەی لەیلانە چەند ڕۆژ پێش جەژن کارێکی ناشەرعی لەدەست قەوماوەو لێی ئاشکرا بووە، بەو هۆیەوە هەڵاتووە و جەژنی لەماڵی خۆیدا نەکردووە، ڕۆژی 2007/10/17 لەگەڵ بەرپرسێکی کۆنە برادەری دا باسی ئەو کێشەیەی کردووە و وتویەتی کە بە پارە چارەسەری کردووە، بەڵام ماوەتەوە سەر ئەوەی کە ئەبێ لەوێ بار بکەم، ئێستا تەنها کێشەم منداڵەکانی خۆمە کە لە قوتابخانەکانی چەمچەماڵ وەرناگیرێن چونکە فۆڕمی خۆراکی کەرکوکمان هەیە، ئەویش بەڵێنی پێ داوە کە ماڵەکەی و منالەکەی لە چەمچەماڵ جێ بکاتەوە، بەمەش ماڵێکی تر لە کەرکوکەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

**ڕۆژی** 2007/10/18 (ج) کە خەڵکی تورکیایە و ژمێریاری کۆمپانیایەکی تورکیە لە چەمچەماڵ لە بینای زانکۆکە بە پارەیەکی زۆرەوە گیراوە لەلایەن پۆلیسەوە هەندێ کەس گومانی ئەوە دەکەن کە لەسەر کێشەی پارە گیرا بێ، بەڵام بەپێ ی قسەی هەندێ کەسی تر بێ کە لەکۆمپانیاکە کاردەکەن و خەڵکی دەڤەرەکەن مەسەلەکە بەوە لێک دەدەنەوە کە ئەو پیاوە ڕەنگە گومانی کاری سیخوڕیان لێ کرد بێ بۆ تورکیا بۆیە گیراوە. شایانی باسە کوردستان بەهۆی هاتنی دەیان ڕێکخراو و کۆمپانیاوە پڕ بووە لە خەڵکی نەناسراو و گومان لێ کراو.

**دووەم** ڕۆژی جەژن لە ناحیەی شۆڕش لەناو پرسەیەکدا وڵاتی (م.ح) کە تەمەنی هەشتا ساڵ زیاتر دەبوو لەلایەن چەند کەسێکەوە دەکوژرێ بە بیانوی ئەوەی کاتی خۆی دەستی هەبووە لە کوشتنی کەسێکی ئەو بکوژانە. شایانی باسە ناوبراو خەڵکی ناحیەی سەنگاوە جگە لە پیریەکەی نەخۆش بووە ئەگەر نەشیان کوشتایە خۆی لەم ماوەیەدا دەمرد بەڵام ئەوان بڕوایان بە تۆڵەسەندنەوە هەبووە بۆیە کوشتویانە.

**بەرپرسی** کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەهلی لە هەولێر بە دۆستێکی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاندبوو کە ڕۆژێکیان مەفرەزەیەکی ئاسایش چۆتە بارەگاکەیان و داوایان لێکردوون کە دەبێ پەروەندەی تایبەت بۆ هەموو کارمەندانی ئەو تەلەفزیۆنە بکرێتەوە، دەبێ ڕابردوویان بزانین!! نابێ کەسانی سەر بەو حزبانەی تێدا بێ کە لە ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان دا ئەندام نین.

ئەم ڕێنوێنیەی ئاسایش نەک هەر لەگەڵ کارەکانی ئاسایش دا نایێتەوە بەڵکو پێچەوانەی دیاردەی فرەحزبی و ڕۆژنامەگەری ئازادە، جا نازاندرێ ئەو مەفرەزەیە لە خۆڕاوە ئەو دەستوورەیان داوە یان لە سەرووی خۆیانەوە ڕاسپێردراون !!

**دۆستێکی** ڕۆژی گەل لە ئیمایلێکدا نووسیویەتی هەندێک بەرپرسی کوردستان خەڵکیان ڕاسپاردووە تا لە شارەکانی نەجەف و کەربەلادا لە شوێنی ڕاقی دا خانوویان بۆ بکڕن و لە کاتی تەنگانەدا خێزانەکانی خۆیان بۆ ئەوێ بگوازنەوە!

ئەو کەسە لە ئیمایلەکەیدا نووسیویەتی: بەرپرسەکان لە ڕاگەیاندن دا کوردستان وەک بەهەشتی ئارام پێشان دەدەن و داوا لە کوردستانیانی هەندەران و عەرەبەکانی عێراق دەکەن کە بچنە کوردستان و لەوێ بژین، کەچی بۆ خۆیان هەوڵ دەدەن خانوو لە نەجەف و کەربەلا دا بکڕن!!

هەرچەندە کە ئەم هەواڵە سەر ڕاست نەکراوەتەوە، بەڵام ئەمە هەواڵێکی سەیری عەیار بیست و چوارە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com